# بزووتنەوەی ئیسلامی

## چی بۆ خەڵکی( HELLEBCE )کردووە،تا تەقەیان لێدەکات؟!

**Ebas SHIWAN**
a.shiwan@kurdpost.com

لەدوای ڕاپەرینەوە– ئازاری **1991** کێشە و ململانێی نێوان بزووتنەوە ئەسڵییە کرێکار و سەرمایەداران کۆمەڵایەتییەکانی نێو دەروونی کۆمەڵگای سەرمایەداری **KURDISTAN** عوریانتر بۆتەوە و بەزەقی خۆیان دەرخستووە ، هەر یەکەیان لەچەند مەیلی سیاسی جیاواز خۆیان تەعریف کردووە ، ئەمەیش بۆ خۆی دیاردەیەکی نوێ و ئیجابی بەحساب دێت .





بەهۆی چەند عاملەوە ، ئەو مەیل و بۆچوونانە لەنێو خۆیاندا نەپرنگاونەتەوە لەهەر کارێکی نائسوولی و نابەجێ لەبەرانبەر یەکتردا ، بەپێی قانوونی جەنگەڵ لەهەوڵی خۆ سەپاندن و قورغ کردنی ناوچەی نفوزدا لەگەڵ یەکتر بوون ١

دەستە و گرووپە ئیسلامییەکانی نامۆ بە کۆمەڵگای مەدەنیش هەلیان بۆ ڕەخساوە و بەگووڕ و تینێکی بێ وێنەوە ، بەپێی توانا و لە ڕێگەی هەڕەشە و گورەشە ، گێچەڵ و گەرکردن بەم هێز و ئەو کەس ، گۆمەکەیان شلێو و لیخن تر کردووە ١

ئەمانە جیاوازیان لەچاو هێزەکانی تردا ئەوە بووە هێندە دژی لایەنە بچووك و موعاریزەکان **شیوعی** ، **کۆمۆنیست** ، **کرێکاری** ، **پێشکەوتوخواز** بوون ، نیو هێندە لەدژی حیزبە حاکمەکان **KDP** ، **PUK** نەبوون ١ بەڵکوو لەزۆر باردا بەفیتیان جووڵاونەتەوە و تەواوکەری ئەوان بوون ١١ بۆیە غەریب نییە ، لەهەڵسووڕانیاندا نەك هەڵخرێنەری جەماوەری زەربەلێدراو و برسی نەبوون ، بۆ داخوازییە ئانی و دەستبەجێکانیان ، بەڵکوو هەمیشە خەڵکیان لەسەر قانعبوون و ملشۆری و چاولەدەستبوونی خێر و سەدەقە و خۆهەڵگرتن بۆ بەهەشت و..... ڕاهێناوە ١١ لەمێژووی ئەم پێنج سەڵەدا ، کام گروپی ئیسلامی بینراوە لەپشت نارەزایەتییەکی جەماوەرییەوە ڕاوەستابێ و بوو بێ ؟؟

ئەمە کارنامەی گرووپە ئیسلامییەکان بێت ، ئەبێ خەڵکی **KURDISTAN** چ چاوەڕوانییەکیان لێیان هەبێ ؟ گەر وردتر بکرێتەوە ، **بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان** بگێرێ ، کە خۆی لەشارۆچکەی **HELLEBCE**ی کۆندا بە حاکمی یەکەم دەزانێ و گوونی گوندار دەردەهێنێ ، نەك هێچ ڕیفۆرمێك ئیسلاحێکی بە قازانجی خەڵکی برسی نەکردووە ، بەڵکوو هەرچی مەعالمی مەدەنی هەیە نەیهێشتووە و کردوویەتی بە شاری( **قــم** و **مــەکــە** ) ١١ نەك هەر ئەوە ، لەبەرانبەر هەنگاوی مەدەنیانەی تردا ، بۆتە لەمپەر و زۆر بەتوندی ڕاوەستاوەتەوە ١

تازەترین یان بە قەولێکی تر عەیب و عارترین کارێك ئەوە بوو ، کە ڕۆژی **1996.3.17** و لەیادی کیمیابارانی **HELLEBCE**دا خولقاندیان : بەبەرچاوی هەزارەها کەسەوە پەلاماریان بردە سەر تیپێکی شانۆیی کە خەریکی نمایشکردنی شانۆیەك بوون ، تەنها لەبەر ئەوەی لەگەڵ عەقلی مۆمیاکراو و قرونی وستاییاندا نەدەهاتەوە ۱۱ ئەو هێرشە بووە مایەی تێکچوونی ڤیستەڤاڵەکە و برینداربوون و گیان لەدەستدانی ژمارەیەك هاوڵاتی لە ژن و منالّ ۱ بەوەیش کیمیابارانی **HELLEBCE**یان بەشێوەیەکی تر




خولقاندەوە ۱۱ هاوکات لەگەڵ ئەو هێرشە نامەردانەیەدا لەنایناهەق پەلاماریان بردبووە سەر ژمارەیەك کادێر و ئەندامانی **حیزبی شیوعی کوردستانی عێراق** ، کە بۆ کارێکی تایبەت چووبوونە ئەو شارۆچکەیە ۱۱

**بزووتنەوەی ئیسلامی** ، بەم فەزیحەیەی لاپەڕەیەکی تری خستە سەر مێژووی ڕەشی خۆی ، ئیسپاتتری کرد هێزێکە گەر جڵەوی حوکم بگرێتە دەست ، لەدەوڵەتە ئیستبدادییەکانی تری ناوچەکە هیچی کەمتر نابێ ، بەڵکوو خراپتر دەبێ .

جا گەلی برادەرینە و خوشکینە :

ئەو کارە بێ پەردە و ڕووهەڵماڵراوانەیەی **بزووتنەوەی ئیسلامی** کە دەرهەق بەخەڵکی برسی **HELLEBCE** کردی ، بێجگە لەوەی ئیهانەتێکە لەهەمان کاتدا زەنگێکی پڕ مەترسییە ، دەدرێ بە گوێی خەڵکی کوردستاندا ، قابیلی قبولی نەك خەڵکی مەدەنی و ئازادیخواز نییە ، بەڵکوو لەو بڕواهیدایین بەشێکیش لە هێزە ئیسلامییەکانی تر و خودی جەماوەری **بزووتنەوەی ئیسلامی** ئەوەیان پێ قووت ناچێ و بەر نەفرەت و نارەزایەتی دەدەن .

بۆیە ئەرکی هەنووکەیی هەر ئینسانێکی ناڕازی و لایەنە عیلمانییەکانە بێدەنگە لەبەرانبەر ئەو هێرشانە ، لەهەر لایەنێکەوە دەکرێتە سەر جەماوەر ، نەکەن . بۆ بەربەست کردن و لەجێگا خۆدانانی ئەو مەدە کۆنەپەرستانەیە ، بەهەر شکل و شێوەیەك کە بە گونجاوی دەزانن سەربەخۆیانە دەست بەکار بن ، هاوکاری یەکتر بکەن …

بژی ئازادی بیروڕا
**1996.3.21**

---

بۆ ئامانەت : ئەم نووسراوەیە لەو مێژووەی سەرەوەدا و گەرماو گەرم وەك بەیاننامە بە تیراژی زیاتر لە **1500** دانە بە ناوی **پاشکۆی سیاسی گۆڤاری ئەدەبی کرێکاری**یەوە ، بڵاوکراوەتەوە . لە هەمان کەناڵدا واتە لە لاپەرە **11** ژمارە **5** ی مانگی حوزەیرانی هەمان ساڵدا دووبارە کرایەوە .

**02.5.18**

www.kurdistannet.org